www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا11:25 1-7-2006

Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## تیرۆرکرانی2 تێکۆشەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ... لە شارۆچکەی پێنجوێنی باشووری کوردستان

بە داخ و کەسەری زۆرەوە هەواڵی تێرۆرکران و گیانبەختکردنی دوو تێکۆشەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەڤاڵان کاک حسەین ئازەرکیش و کاک محەمەد سابیر ستاری رادەگەیەنین.
هەڤاڵانی شەهید کاک حسەین و کاک محەممەد سابیر، رۆژی چوارشەممە 7ی پووشپەڕ (28 ژوئەن) ، لە شارۆچکەی پێنجوێن تیرۆرکراون.
لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە تیرۆریستەکان بە دەمانچەی بێدەنگ تاوانەکەیان خوڵقاندووە. گومان لەوەدا نییە کە دامودەزگاکانی مرۆڤ کوژیی کۆماری تیرۆر و جینایەتی ئێران، رێکخەر و بەڕێوەبەری ئەو تاوانەن.
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان قوتابخانەی خۆڕاگری و کۆڵنەدانە، راهاتووی فیداکاری و قوربانییدانە، قاڵبووی رۆژانی سەخت و دژواری خەباتە و بە تیرۆری خەباتگێڕانی بە چۆکدا نایە و ئاڵای پاککردنەوەی کوردستان لە داگیرکەران و بەیداخی رزگاری و سەربەخۆیی، شەکاوە رادەگرێ.
کۆمیتەی ناوەندی بەو بۆنەیەوە راگەیەندراوێک دەردەکا. ئێوەش لە دژی تیرۆر و مرۆڤکوژی دەنگ هەڵبڕن.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
9/پووشپەڕی/2706
30/ ژوئەنی/2006